# مەلا بەختیار

## عاقلکراویک کە نامەدەنیانە دەدوێ !

سامان سعید

1ی ئایاری 2005

مەلا بەختیار کە لەناو (ی ن ک)دا ئەرکی سەرپەرشتی ریکخراوە جەماوەری و دیموکراتی یەکانی پێ سپیردراوە و خۆی وەک لایەنگری کۆمەلگای مەدەنی نیشان دەدات، ئەگەر چی نادیموکراتی بوون و دەستکرد بوونی ئەو ریکخراوانەی ئەو سەرپەرشتی دەکات وەک رۆژی روون لەبەرچاوی هەموان دیارە ، بەلام بەهەر حال خۆ خەریک کردنی مەلا بەختیار بەو کارەوە و جارجارە قسەکردنی ئەو لەسەر ئازادی و دیموکراتی ، ئەوی زۆرتر لە هەر سەرکردەیەکی یەکیتی روبەرووی پرسیار و رەخنەی جدی کردۆتەوە سەبارەت بە هەر رۆژەی پێشێل کردنی ئازادی سیاسی کە یەکیتی پەیرەوی دەکات .

لە چاوپیکەوتنیکی رادیویی کە رادیوی لاوان لە سوید لە گەل مەلا بەختیار ئەنجامی دا ولە وەلامی پرسیاری گویگریکی رادیۆ ، مەلا بەختیار دەلێ حککع 15 کەسیک بوون مەفرەزەیەکمان نارد عاقلمان کردن . دنیا سەیرە ، دەبوایەهەرکەس ئەو قسەیەی بکردایە مەلا بەختیار نەیکردایە ، لە کوردستان ئەگەر پەنجە بۆ کەسانیک رابکیشریت کە قوربانی دەستی توند و تیژی وسەرکوتی سیاسی عەقلیەتی سەرکوتگەری حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتین ، مەلا بەختیار نموونەیەکی زیندووی ئەم میژووە رەشەیە بە دەستی حیزبیک کە ئیستا خۆی ئەندامی سەرکردایەتیەکەیەتیە . ئاخر هەر هاوریکانی ئەو نەبوون دوای ئەوەی لە یەکیتی جیابوونەوە و "ئالای شۆرشیان" دامەزراند بەدەستی یەکیتی قەسابی کران و خرانە گونیە ی سەر بەستراوەوە و فرێ دەدرانە حەوزی مزگەوتی لادێکانی کوردستانەوە؟ هەر خودی مەلا بەختیار نەبوو هاوریکانی لە ریکخستنی شاری سلیمانی بریاری لە سیدارەدانیان بۆ دەرکرد ؟ هەر ئەوان نەبوون لەو کاتەدا کە مەلا بەختیار زیندانی کرابوو لە فەرهەنگی دواکەوتووی یەکیتی یەوە لە بەرامبەر ژن دا ناویان لێ نابوون "رووناکیەکان" نسبەت بەوەی روناک سەرپەرشتی "ئالای شۆرش"ی دەکرد، تاکو عەقلیەتی دواکەوتوو دژە ژنی ریزەکانیشیان بە دژی ئالای شۆرش هەلبخرین . مەلا بەختیار نارەحەتە ئەگەر باسی ئەم رووداوە رەشانەی میژووی حیزبەکەی بکریت بە خوێ و تیزاب تیدەگات کە دەکریتە برینیکەوە کە هیشتا لەدەروونی تەسلیم بووی ئەودا ماوە.

راستی یەکەی مەلا بەختیار ئەمرۆ چونکە خۆی ئەو "عاقل بوونە"ی هەلبژارد کە یەکیتی بۆیانی دیاری کرد ، یەکیتیش کردویەتی بە مەئموری بانگەواز کردنی "عاقلکردنی" خەلکی تر ، هەر ئەمەشە پی ی وایە ملهوری یەکیتی هەموو ریکخرا و کەسیک وەک ئالای شۆرش وئەوی پێ عاقل دەکریت ( عاقل بوونیک کە جیگا نیازی یەکیتی یە ) دەلیت (عاقلمان) کردن. چ شەرمیکە گەر ئینسان بە خۆی بزانیت چی بەسەر هێنراوە و ئیستا مەئموری چی یە.

مەلابەختیار وانیشان دەدات کە ئەوو یەکیتی دەخوازن ئەو کیشەیە چارەسەر بکەن ، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەوە تەنها کارەساتیکە کە تیایدا یەکیتی پیشیلی ئازادی کردووە ، تاکو بەچارەسەرکردنی ئەو کیشەیە مەسەلەکە ببریتەوە؟ (دیارە هەمووشمان دەزانین چارەسەریک کە سەرکردایەتی یەکیتی هەیەتی نوشتانەوە و تەسلیم بوون و عاقل بوونەکەی مەلا بەختیارە) یان ئەوەتا میژووی سەرهەلدانی یەکیتی پریەتی لە سەرکوتی نارازیانی سیاسی و پیشیل کردنی ئازادی هەلسورانی سیاسی ، دیارە ئەوەی دووەم واقعیەتی گەورەترە و تیرۆر کردنی 5 ئەندامی حککع بەشیکی ئەو واقعیەتەیە . یەکیتی نەک بۆ هیزو کەسانی دەرەوەی خۆی بەلکو بۆ خودی ئەندامانی سەرکردایەتی یەکەی خۆشی ئازادی ناناسیت بەجیا لەو دیاردانەی پیشوتر هەبووە نامەی ئەم دواییانەی بەشیکی سەرکردایەتیەکەیان بۆ جەلال تالەبانی ئەو راستی یەی بەگەورەترین شیوە نیشاندایەوە ، باری ناوخۆی هەر حیزبیک ئاوینەیەکە کە دەکریت دەسەلاتداریتی ئەو حیزبەی تیادا ببینیت بو بەریوەبردنی حکومەت و دەسەلات . کەسیک لەناوخوی خۆیدا دا ئاوا رەفتار بکات ، شکی ناویت مخالفینی خۆی قبول ناکات و سەرکوتی دەکات ، مادام ملیشیایشە قەسابی دەکات .

یەکیتی و هەر ئەندامیکی یەکیتی قسە لەسەر چارەسەر کردن دەکەن ، دەبیت لەوەوە دەست پیَ بکات کە عەقلیەتی سەرکوتگەری یەکیتی تورداو ئازادی سیاسی بۆ هەموو تاکو کۆیەکی خەلکی کوردستان قبول بکات . ئەمە تەنها ریگاو چارەسەریکە کە دەکریت لایەنەکانی بەرامبەر یەکیتی ریک بکەون لەسەری. ئەمە خالیکی گرنگی کۆمەلگای مەدەنی یە کە مەلابەختیار لە هەموو بۆنەیەکدا باسی دەکات .